# کورد و ئەمریکا : لەنێوان دۆستایەتی و بەلاوەنانی سیاسییدا

ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس



ڕەچاونەکردنی تایبەتمەندی کوردستان و گرنگی نەدان بەمافە دەستووری و یاساییەکانی و لەگەڵیشیدا نەهاتنیان بۆ بەسەرکردنەوەی هەرێمی کوردستان . سەرۆک و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هاندا، دوای کەمتر لەدوو ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتە ( 79 ) خاڵییەکەی لیژنەی " بێکەر– هاملتۆن " لە ( 9 ) خاڵدا، کۆی هەموو ئەو برگە و خاڵانەی ڕاپۆرتی " ڕێگای بەرەوپێشەوە " کەمافی کوردیان تێدا وەلانراوە، ڕەتبکاتەوە .

خودی ڕاپۆرتەکە ئاشکراگۆترین نووسین و لێتوێژینەوەو، بکەر و هەڵسوڕاوە دیارەکانیشی دڵرەقترین سیاسی و کارپێی سپێرردراوی ئەمریکان ، کە لەدوا پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بێی هیچ حسابێک بۆ کورد، لێتوێژیەوەیەکی ئاشکرا ئامادە دەکەن. ئەوە هیچ کە مافە قانوونی و دەستوورییەکانی کورد لە عێراقی نوێی لەبەر چاو نەگیراوە، بەڵکو لەسەر حسابی نەتەوەی کورد و خاکەکەی، ڕێگا چارەسەری بۆ خەڵکی تر دانراوە؟!

بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا نیم کە لێتوێژینەوەکەی" بێکەر– هاملتۆن " بەسەرەتا و دەسپێکی بەلاوەنانی کورد لەعێراقی نوێیدا پێناسە دەکەن. چونکە ئێستاش نامەکەی ساڵی "2004"ی بارزانی و تاڵەبانی بۆ سەرۆک بۆش لەهزرماندایە . ئەدی سەردانەکەی کۆندالیزا ڕایس لە چەند مانگ لەمەو پێشوودابۆ کوردستان ، ئاخر ئەو سەردانە هەرچی پێشڤەچوونی دیبلۆماسی بوو نەیبوو، بە پێچەوانەوە بەتەواوەتی فشارێکی سیاسی بوو . بەندە یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر بەزوویی لە وتارێکی دووبەشییدا، شرۆڤەی ئەو سەردانەی " خانمی ڕایس " بۆ کوردستانی، بۆ خۆێنەری کورد شیکردۆتەوە .

لەڕاستییدا بەلاوەنانی کورد وەکو نەتەوە لەناوەندە سیاسییەکانی دونیا و خودی دەوڵەتی ئەمریکاش مێژوویەکی درێژ و کارەساتباری هەیە . هەمیشە لە پشتێکردنی زلهێزان نیشتیمان و خاکی کوردستان، دابەش و دابەشتر بوونەوە و جینۆساید و قڕکردنیش لەسەردەمی شیر و تیر و ڕم ، تابە پێشکەوتووترین چەکە ترسناکەکانی جەنگەکان دەگات ، بەشی زۆری خەڵکەکەی بووە .

ئەو گەمەیەی لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، پراکتیزە دەکرێت . زۆر کەم نەبێت هەرگیز کورد نەیتوانیوە وازی پێی بکا و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ!! ئەگەر ئەمەیان کەم و کورییەک بێ ، هۆکارەکەی پەیوەست بەسەران و سیاسییەکانی کوردەوەبێت . بێ هیچ گومانێک بەشێکی زۆریشی بۆ بوونیادەکانی بەزلهێزبوونی دەوڵەتە گەورەکانی دونیا دەگەڕێتەوە .

بەڵام ڕووداوە خێراکانی ئەم دوایەی جیهان و ناوچەکە ، بۆ سیاسییەکانی کوردستان و تەنانەت بۆ خەڵکی ئاسایی کوردستان ، خوێندنەوە و بەرچاوڕوونییەکی ئاشکرای تێدان . بەتایبەت لەو ساتەوەی ئەمریکای تاکە زلهێزی دونیا بەهۆی ڕووخانی دڕندەترین ڕژێمی خوێنڕێژ ڕاستەوخۆ هاتۆتە ناوچەکە . لەم ڕێگایەشەوە لەسەر ئاستی عێراق و تەنانەت تائاستێکی زۆر کوردستانیش بووە بە بڕیار دەر .

تاڵترین هەڵوێستەی ئەم مێژووە نزیکە کە زۆر پێویستە لەبەر چاومان بێت ، ئەو دڵڕەقییەی سیاسییەکانی ئەمریکایە لەساتەکانی سەرکەوتن و تێکشکانە سەربازییەکانی سوپایەکەیاندا . خۆ زۆربەمان لەبیرمانە ئەو ساتەی بەعس ڕامالڵدرا، یەکەم کەس و لایەن، سیاسییەکانی کورد بوون دووچاری فشاری ڕاستەوخۆی ئیدارەی کاتی  و پۆڵ بریمەری حاکمی لەخۆبایی و سەربازە سەرشێتەکانی ئەمریکا بوونەوە . خوێنەری بەئاگا دەزانێت ؟! لەوکاتەی سەربازەکانی ئەمریکا لەژێر ناوی ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان گەورەترین دەسەڵاتیان هەبوو ، چیان بەهەردوو ئیدارەکەی " هەولێر و سلێمانی " و هەموو سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەکرد . بەدڵنیاییەوە ئەگەر توند و تیژی و کردەوەتیرۆرستییەکانی بەغدا و شارەکانی تری عێراق نەدەبوون ، هەموو پەیمانە زارەکییەکان بە پەیمانی پێش ڕووخانی بەعسیشەوە، هیچ دوور نەبوو لەبەریەک هەڵبوەشێنەوە . ئەمەشیان تا ئاستێک ڕەنگە ڕێگا تێی بچێ و پەیوەست بەو گرژی و ئاڵۆزییەی ئەوسای نێوان دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان کرابێت و بۆ نەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی کوردی گەڕێنرابێتەوە .

بەڵام خۆ لەئیستادا : ناو ماڵی کورد لەهەموو کات ڕێکترە ، گوتاری کوردی بەهۆی بە یاسایی بوونی دەسەڵاتەکان، یەکە . ئایا بۆچی ؟؟ بۆ ڕاستکردنەوەی شکستی ستراتیژی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراق ، ئیدارەی ئەمریکا و لیژنەکانی دەرووەی ئیدارەی ئەمریکا نە پرس و ڕاوێژیمان پێدەکرێ و نەلەسەر خاکەکەی خۆشی حیسابمان بۆ دەکرێت . ئایا ئەمە ڕووداوێکی ئاساییە و دەبێت وەکو ڕووداوەکانی ڕابردوو بەئاسانی بەسەرماندا ڕاببورێت ؟؟

بەلای منەوە ئەرکی دەسەڵاتی باڵای ئەم وڵاتەیە ، دوای ڕوونکردنەوەی بەپەلە لەلێپرساوە باڵاکانی ئەمریکا و بەریتانیا بکات . بەڵێنە دراوە زارەکییەکان بە بیر سەرۆک بۆش و سەرانی تر بهێننەوە . کوا ئەو بەڵێنانەی بۆ پاراستنی کورد، دەستووری هەمیشەی عێراقییان دەکرد بەگرێنتی ؟؟!

2006/12/10